# هۆرامان
# بێشکە و لانکی مێژووی
# بەرەبەیانی ژیان

ڕەشید هەورامی

۱۹۷۱-۲۰۱٤

**دەروازەیەک بۆ ئەم نووسینانەم**

1. دایکم گوتی
2. هەڵاڵە برایمەی هەورامان
3. . کەڕەچاڵ بۆ ساڵی ١٩٥٧ دەگەڕێمەوە
4. کەڕەچاڵ لە دنیای سەرزاری مەزناندا لەواتاکانی پورە موڵکی عێوزەر
5. وڵاتی هۆرامان کامە بوو؟.
6. هۆرامان یەکەم زەوی و یەکەم وڵات
7. سەردەمی نووسین و مێژوو-لە هۆرامان-دا
8. ساڵ هاتن و چوون
9. سەرەتاڵێ لە لەسەر زمانی هۆرامی
10. زمانی هۆرامی زمانێکی ڕەسەنی سروشتییە
11. داب و نەریت و ڕێرەوی ژیان لە هۆرامان-دا
12. هەندێ بۆچوون لەسەر یاسا و ڕژیم لە هۆرامان‌دا
13. ڕۆڵ و دەستپێشخەری ئافرەت لە مێژوودا
14. یەکەم گوند لە جیهاندا- گوندی چەرمێ
15. من و دایکم
16. دروستبوونی نێودواوان
17. نیودواوان و کشانی کۆمەڵانی خەڵک
18. هەندێ واتا لە سەرچاوەکاندا

## **دایکم  گوتی**

دایکم  گوتی تاقانەکەم!
بۆ وڵاتی چنوور دەگەڕێمەوە، تۆ بزانە هۆرامان پێش ئاهەنگی پێشکەوتنو ژیانی بەرەبەیانە..چریکاندی:

هۆرامانەکە!
**ڕوحی ڕەوانم، لێتڵە ئاسایی**
**مەکەرا هەرگیز نەتۆ جیایی**
**پێش ئاهەنگ بینی هەی قیبلەنما**
**چێ، جە کاروان، کەوتەنی دما؟**

دایکم لە دەنگ وەستا و  دوای کەمێک دایەوە دەنگ و چریکاندی:
**هۆرامان وەگیان ژێر لات قەسەمەن**
**پەی مەرێت هەرچی واچوو هەر کەمەن**
**هەر نەوەدونۆ پیری- پیری ژێرما**
**خزمەتشا هەرگیز مەشۆ نەویرما***

دوای ئەو دێڕانەی زاری دایکم ، لافاوی چاوەکانی هەڵسا و پاشان بە بەرفەقیانەکانی چاوی سڕی و ڕووی کردە شاخی هۆرامان وگوتی: گوێت لەم دێرانە بێ کە قانعی شاعیر گوتوونی و فەرامۆش نەبی و چریکاندییەوە:

**شاخی هۆرامان هەرچەندە رەنجە ڕۆم**
**زۆر چاک بزانە من مەمنوونی تۆم**
**چونکە پاراستت تۆ ئەم زمانە**

**تێکەڵت نەکرد لەگەڵ بێگانە**

دایکم شکۆفە خاوەن تەمەن و نەخوێندەوار بوو، بەڵام زیرەک و خۆشخوان بوو، کاتێک ئێمە شتێکمان دەخوێندنەوە، خێرا لەبەری دەکرد، شتی کەمجار لەبیر دەچوو..

من گویم لە دایکمە و ئەویش بەردەوام بە دەم ئاخاوتنەوە بەردەوام بە هۆنراوە وێنای جوانی هۆرامان دەکا:

**هۆرامانەکەم دڵڕەبای دڵبەر، دڵ ئازیزەکەم**

**نەمامی نۆ بەر، سەحەر خێزانەکەم**

**وەروێوە وارو وەروە وەرێنە**

**من ڕاو دنیاو تۆم گمە کەردێنە**

ڕودەکاتە من دەڵێ:

**گەر هەواڵ پەرسی بەدڵ و بە گیان**

**قیبلێم بیاریَ-نە سەرحەدی ئێران**

دایەم ئابەم جۆرە فیری دەکردم کە چۆن نیشتیمانم خۆش بوێ، بەردەوام داوای لێ دەکردم کە لەو ڕێبازە لا نەدەم

ئەم نووسینەمان

ئەم نووسینەمان، بە چەند دێری دیوانی گەشتی بیارە)ی مامۆستا زانای نەمری بیارە. فاتح مەلا عەبدلکەریمی مودەرس دەست پێدەکەم:

مامۆستا فاتح دەڵێت:

**قیلەم گەشتێکە ، قیبلەم گەشتێکە**

**پاش چل ساڵ غوربەت خەونە گەشتێکە**

**بۆ زێدی دڵگیر، بۆ بەهەشتێکە**

**بۆ لوتکەی چیا، بۆپێدەشتێکە**

**بۆجێگایەکە، عومری منالێم**
**تەمەنی گەنجی و دەمی دڵقالیم**
**لەوێ بەسەرچوو، هەموو گیان هیوا**
**ئاسۆ ئاواتم نەدەبوو ئاوا**
**بۆ (بیارە)یە گەشتی ئەمجارەم**
**کە پەروەردەی ئەو شاخ و بنارەم**

مامۆستا موحەمەدی برای مامۆستا فاتیح ، کچێکی خۆی ناوناوە بیارێ، و ئیستە بەتەمەنە و شانازی بەناوەکەیەوە دەکا.
خوێنەری هێژا ئەم نوسینەم سەرە تاڵێکە لەکلافەی مێژووی دێرینی بەرەبەیانی ژیانو بوونی ئینسان، لە هۆرامانی تەمەن فراوان و خاوەن ٢٤ ئۆرامانات-هەرێم، بێشکە و لانکی پێشکەوتنو و حەزارەت و سەردەمی یەکەم نووسین و مێژوو.
لەو بارەوە، بەپێی نووسین و قسە و باسی کەسانی خاوەن تەمەنەکانی ئەم وڵاتەمان، دەست بەکاری خۆمان دەکەین و ئەمەش بەشێک لەو مەزنانە، وەک:

کێخا قادری زانای بیارە
شیخ سادقی گوڵپ
شیخ عوسمانی بیارە
حامدی بەگی جاف- هەڵەبجە
شیخ ڕەشیدی عابەیلێ
لەگەڵ چەندان زانا و مەزنی دیش، کە دەستنیشانی ئەوەیان کردوە کە ئەو بێگانە خۆرئاواو خۆر هەڵاتیانە لە سەرەتای سەدەی دەیەمی زاینەوە تاکو سەرەتای سەدەم بیستەم، بەلێشاو، کۆمەڵ کۆمەڵ ، هاتوون بۆ ئەم وڵاتەمان و لە دیوخان و خانەقاو مزگەوتەکاندا

دابەزیونو دەستیان بە گەڕان و پشكنینی شوێن و ناوچە مێژووییەكان كردوە، ئەوانەی شتیان خواستوە لە سەریان نووسیوە.
لەو گەڕۆكانە:

توما بووا: لە ساڵی ١٩٥٨ بەزمانی فەرەنسی ئەم كتێبەی بەناوی (لمحة عن الاكراد و حالتهم الاجتماعية و الادبية و الثقافية٠–فصل خاص من الفلكلور الكوردي نووسیوە.

باسیل نیكتین: لە (كتێبی الاكراد)دا دەربارەی ئەم لایەنانەی كۆمەڵی كوردی : اصلهم، تأريخهم، موطنهم، عقائدهم، عاداتهم، ادابهم، لهجاتهم، قبائلهم، قضايهم..بەدواداچوونی كردوە. رشاد میرانی لە روسییەوە كردویەتی بە كوردی.

# لەسەر هەڵاڵە برایمەی هەورامان ماوە ولێرەدا دەبێ هەمووی دووبارە بنووسرێتەوە

**کەڕەچاڵ..بۆ ساڵی ١٩٥٧ دەگەڕێمەوە**

کەڕەچاڵ دۆڵێکی چکۆلەی قوڵ و تەنگە، دەکەوێتە ئامێزی شاخی هۆرامەنەوە بەرووی دنیای دێرینی شارەزووری باواندا. شاخی دالانی و لاشانی ڕۆژهەلاتی کۆی سوورێن و دەوریان داوە و تەنها ڕوی ئاسمانی لێوەدیارە.لە گوندی ئەحمەد ئاوا و زەڵمەوە بۆی سەر دەکەوی. لەروی مێژووییەوە، کەڕەچاڵ مەڵەبەندو ماوای ژیان و بوونی ئینسانی پێش زایین بووە .
من لەساڵی لە ساڵی ١٩٥٧دا مامۆستا قوتابخانەکەی بیارە بووم، لە مانگی دی هەمان ساڵدا، لەگەڵ چەند خزم و برادەردا، چوین بۆ کەڕەچاڵ بە مەبەستی ڕاوە کەڵ و (حەیوان)، ئەو سەردەمە دیارەی شکار زۆر باو بوو. چەکی دەستی من تەنها دەفتەرێک و پێنوسێک بوو، کە گەیشتینە کەڕەچاڵ لە ئەشکەوتە دامەزراین.

**لە دیواری ئەشکەوتەکە چیمان دی؟**

کاتێک لە ئەشکەوتە دانیشتین، من خێرا دامە تەماشای ئەو وێنانەی کە لە دیواری ئە شکەوتەکەوە هەڵکۆڵرابوون، زۆر سەرنجیان ڕاکێشام و بردمیانەوە بۆ دنیای سەردەمی خۆیان*

لە وێنەکان...*

ئەوە ئافرەتێکە و شتێکی بەدەستەوەیەوە خەریکی نەخشە لەسەرەوە بۆ خوارەوە. ئەوەی راستیبێ من ئەو نەخشانەم بە نووسین نەدەزانی و تەنها بە خامەکەی دەستی بۆ ئەوە چووم کە نووسینە. هەر لە وێنەکان لەولاوە ئافرەتێکەو دانیشوەو منالێکی لە باوەشدایە

و مەمکی دەداتێ. بەرامبەریان ئافرەتێکە و سواری ئەسپە و تیروکەوانێکی بەدستەوەیە.

لەوێنەکان، ئەوە ئافرەتێکەو شتێکی بەدەستەوەیە و خەریکی نەخشە، لەسەرەوە بۆخوارەوە، ئەوەی راستی بی من ئەو وێنانەم بو نووسین نەدەزانی چییە، **تەنها** بە خامەی دەستی دەمزانی خەریکی نووسینە.

من هەموو ئەوا وێنانەم لە ناو دەفتەرەکەمدا وێناکرد. کە گەڕامەوە مالەوە. بۆ بیارە، دوای دەمێک دایکم پرسیاری لێم کرد کە گەشتەکەمان بۆ کوێ بوو، زۆرتان پێ چوو! ئەوەی کە دیمان بۆم باسکرد و تێنوسەکەم( دەفتەرەکەم) دایە دەستی و باسی ئەو وێنانەم کرد کە بە دیوای ئەشکەوتەکەوە بوون.

دایکم کە وێنەکانی بینی یەکسەر وتی: تاقانەکەم! ئێمە ئەمڕۆ، ئالەم هەورامانەدا، نەژادو بوونمان و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دایکە مەزنانە، کە سەرچاوەی بوونی خەڵکی ئەو وڵاتەن.

دواتر گوتی: بەیانی دەچین بۆماڵی کێخا قادری زاناو بزانین شتێکمان بۆ باس ناکات.

بەیانی زووی نەبرد و چوین لای ئەو کێخا قادرە، دایکم چۆنمان بینی بوو ئاوا چیرۆکەکەی گێرایەوە بۆی و کەوا ئەو وێنانە لە دیواری ئەو ئەشکەوتە وەرگیراون.

کێخا وتی: ئەم نووسینانە کە ئەو ئافرەتە خەریکیانە، یەکم نووسینن لەم جهیانە و بەپیت و نووسینی هۆرامی دێرینە، پێش ئەم نووسینە نووسین دیگە نەبووە.

بەپێی زانایەکی خەڵکی پاوە( نجەقوڵی) ئەو دایکە ئەو دایکە ناوی (ئاینار)ەو ئەو نووسینەی پێش ١٤ یان ١٥ هەزار ساڵ بەر لە زایین نووسیوە.

**کەڕەچاڵ لە دنیای سەرزای مەزناندا**

شێخ عوسمانی شێخ عەلادینی بیارە، زانا وشاعر و نووسەرێکی بێ وێنە بوو، ئەو مەزنە لەسەر شاخی دالآنی* هەڵبەستێکی نووسیووە، بەو جۆرە کە شاخی دالآنی، بەدڵی گەرمی خۆی گلەیی لەوە دەکات کە تاکو ئێستا بایەخی پی نەدراوە کە شوێن و مەڵبەندی گەنجی نیهانە. دەڵێت:

*دالانی بە نالّین و دلّی گەرمی خۆشی*
*ئەیوت بە دەنگی بەرزو دلّی پڕ خرۆشی*
*تاکەی بەبەلاش عومری خۆت و من ئەفرۆشی!*
*بێ عیلمە ناچارە قسەی بێ فلس و قرۆشی*
*تیفیکرە دەرونم  پڕ گەنجی نیهانە*

براڵە گیان!

ئەو گەنجی نیهانەی کەڕەچاڵ دەبێ چی بێ؟

چی لە دەرووندا بێ؟ چی بووبێ؟

باوکم و دایکم زۆر نزیکی شێخ ئوسمان و سەیزادەخانی هاوسەری بوون، سەیزادەخان پورزای دایکم بوو، هاتوچۆی بۆ ماڵی شێخ ئوسمان زۆر بوو. ئێستاش واتایەکی شیرینی ئەو شێخە مەزنەم لەیاد ماوە کە لەسەر کەڕەچاڵ وتویەتی:

*{ کەرەچاڵ مەڵبەندو ماوای ژیانی ئینسانی دێرینی ئەم وڵاتە بووە و لەوێوە قۆناغ دوای قۆناغ دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی مێژوو..هتد. هەروەها بۆ سەردەمی نووسین کە یەکەم نووسین لە جیهاندا ئافرەتی دایک نووسیویەتی، ئەو نووسینەی کە بە شیلەی گیای ڕونیاس* و بە نوکی نەیجەی قامیش، لە ١٤ و ١٥ هەزارەی پێش زایین.*

## پەراوێز و سەرچاوەکان

- <u>لێرەدا نازانم باوکم مەبەستی کام ئەشکەوتە؟</u>

لەوێنەکان، ئەوە ئافرەتێکەو شتێکی بەدەستەوەیە و خەریکی نەخشە، لەسەرەوە بۆخوارەوە، ئەوەی راستی بی من ئەو وێنانەم بو نووسین نەدەزانی چییە، **تەنها** بە خامەی دەستی دەمزانی خەریکی نووسینە._

- گیای ڕونیاس: گیایەکی شیلەیەکی خەست و ڕەنگاو رەنگی هەیە و ئەوەش بەپێی رەنگی گوڵەکانی وەک سوور، زەرد، وەنەوشەیی. تاکو سالانی پەنجای سەدەی بیستەم ئافرەتان چاویان بۆ کراس بەشیلەی ئەو گیایە رەنگ دەکرد

## لەواتاکانی پوورە موڵکی عێوەز

پوورە موڵکی عێوەز، دایکی خاوەن تەمەنی  شارەدێی بیارەی ئازیزمان بوو، بەساڵاچوو بوو، تەنیا کچێکی هەبوو بەناوی سەلما سەلێیان پێ دەگۆ. ئیشوکاری تەنها دووک، دۆخ ڕستن بوو ، خاوەن کەسایەتی مەزن بوو. ئەگەرچی نەخوێندەوار بوو، بەلان زانایەکی بێ وێنەبوو. ڕیزێکی تایبەتی هەبوو لای خەلکی ناوچەکە و زۆرجار سوێندیان بەسەری وی دەخوارد. ئە ژنە مەزنە لە ساڵی ١٩٥٧ لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا ماڵئاوایی  لە بیارە و لە ژیان کرد.

یەکێک لە شاکارەکانی پوورە عێوەز، لە شیلەی گیای رونیاس، هەلاوە و چاوی بۆ هاومالان و کێژان رەنگ دەکرد. ب ە ئێمەی منداڵی دەگوت:

پێشینان باپیرمان بە وێنە نامەیان بۆ یەکتر ناردوە و پاشان توانیویانە لەبەردی ڕەش  ئاوێنە دروست بکەن و پێوەندی لەگەڵ یەکتر ببەستن. ئا لەو بەردە ڕەشەوە نامەی خۆری لە نێوانیاندا باوی سەندوەو فێر بوون*

تێبینی: تاکو ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، پەیوەندی ل ەنیوان پۆلیسخانەکان بە ئاوێنەی تایبەت لەگەڵ یەکتردا دەکرد. بۆ پشتراستکردنەوەی ئەوە، تاکو نێوان ساڵانی چل-شەستەکان لەبیارە لە دوو شوێندا ئاوێنەی پەیوەندییان لەگەڵ پۆلیسخانەی خورمال دانابوو. لە سەر گردی هارگلان، لە گەڵ پۆلیسخانەی خۆرماڵ پەیوەندییان دەکرد. هەروەها لەسەر کلاوەی ئاشوور، پشتی بیارە، پەیوەندییان لەگەڵ پۆلیسخانەی هەڵەبجە دەکرد. پێشتریش ئاشووریەکان بەشێک لە پەیوەندییان بەو جۆرە کردوە.

*دوور نیە ناوی خۆریەکان لەوەوە هاتبێ

## وڵاتی هۆرامان کامە بوو؟!

هۆرامان
هۆرامان وڵاتێکی دیرین و نەخشەیەکی بەرفراوان ،خاوەن ٢٤ ئۆرامانت( هەرێم) بووە، سنووورەکەی بەم جۆرە بووە:-
لە ئێرانی ئێستاوە، بۆ ئارارات، باکوری کوردستان، لەوێشەوە بۆ سوریا، لوبنان، ئەردەن، کەنداوی تردام، عەمانی ئێستا، دواتر بۆ ئەوبەری ئازربایجان و ئەڤگانستان(بروانە فخ العولمة لا ٦٥-٦٦).

هۆرامان  لانکی پێشکەوتن و شارەستانی دێرینی دەمی خۆی بووە، بەناوی  شارەستانیەتی لهۆن و وڵاتی سەردەم سەرهەڵدانی یەکەم نووسین بووە(بڕوانە کتێبی فخ العلوم)، دوو ئەڵمانی هانس مارتین و هارلدشومان کە لە دەزگای عالم المعرفة کە لە وڵاتی کوێت دەردەچێت و عەدنان عەباس توفیق، وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی،  بە پێی ئەو سەرچاوەیە، لە گیتیدا، سێ شارەستانی گەورە هەبوون، ڕوس، مەنگۆلیا و سێیەمیان ئالهۆن(هۆرامان) بووە. بروانە هەمان سەرچاوە(لا ٦٥-٦٦). هەردوو نووسەر ئاماژە بەوە دەدن کە شارەستانی ئالهۆن پێش هەردوو شارەستانی ڕوش و مەنگولیش بووە.
دکتۆر وەهیبە شەوکت لە کتێبی میدیا، کە لەڕوسییەوە کراوەتە عەرەبی،  ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و ئەم وڵاتانەش دەخاتە سەر شارەستانی لهۆن. ئازربایجان، ئەڤغانستان و ئۆزبەگستانیش، ئەوەش چەند هەزارێک ساڵێک پێش زاینی بووە.

له كتێبی  اللر كرد، أم لر(بضم الواو)؟! نووسینی خەسرەوجاف  بە فارسی و محمد البدري كردویەتی بە عەرەبي ئاماژە بەوە دەكات كە وڵاتی ئالهۆن چل و شەش ئیمارات بووگە. هەروەها مامۆستا هادي رشید الجاوشلي لەكتیبي الحیاة الاجتماعیة في كوردستان، دەڵێ: ئەم گەلەی ئێمەی پێش ٥٠ هەزار ساڵ بوونی هەبووە(بروانە مێژووی هەورامان، مامۆستا موحەمەد ئەمین هۆرامی، ل ٥٥-٥٦) و دواتر ورده ورده كەرتەی ئەوروپای لێ دروست بووە.
(جمال لحافیان)یش بروانە گۆڤاری سروە ژمارە ٩ ساڵی ١٩٩٩ هەمان شت پشتڕاستدەكاتەوە، وتارێكی نووسیوە بەناوی كەونارا، باسی لەوە دەكات كە ئینسان لە بناری شاهۆ بەر لە زایین ٣٥-٤٠ هەزار ساڵ لەو ناوچەیە ژیاوە.

## هۆرامان یەكەم زەوی و یەكەم وڵات

بەپێی مامۆستا موحەمەد ئەمین هۆرامی، لە كتێبی مێژووی هۆرامان(چاپی چوارچرا، ٢٠١٠، هەولێر، ل ٥٥-٥٦). نووسەر دەڵێ: یەكەم ولات كە لە گیتی دروست بووبێ، وڵاتی واچ بووە، كە ئەگرۆمزدا دروستی كردوە. وشەی واچ وشەیەكی هەورامی زەردەشتی كۆنە بە مانای وتییە.
لە كتێبی (تأریخ الزرداشتیة، ماری بۆیس، لا ٥٣) لە وەرگیرانی خلیل عبدالرحمان، دەروازەی چوارەم كە دەربارەی سەدە نەزانراوەكانە(القرون المجهولة)، ئاماژە بەوە دەكات كە:
{ذكر في هذا الفصل اسماء سبعة عشر بلدا، من آریان ڤیدج الوطن الاسطوري الاصلي للأیرانیین ویؤكد و یقول كل بلد من هذه البلدان كان رائعا لأنه أسس من قبل اهروموزدا. }

واتە لەو بەشەدا ناوی سێ وڵاتی ئاریان ڤیدیج هاتووە، هەریەکەیان جوانییەکی تایبەتی هەبووە چونکە ئاهرومزدا دروستی کردوە.

**ناوی ئێران لە چییەوە هاتووە**

پشت بەو کتێبەی ماری بۆیس، تأریخ الزرداشتية( لەوەرگیرانی دکتۆر خەلیل عبدالرحمان ل ٥٣، دەگەڕێمەوە بۆ سەردەمی سالانی ١٩٨٠-١٩٨٣ کە هەڵاتوی هەورامانی ڕۆهەڵات(ئێرانی ئەمڕۆ) بووبووم، خۆم گەیاندە ئەو بەشەی هەورامان و بناری کێوی شاهۆ کە ئەم شارانەی لە ئامێزگرتووە: شاری ژیوار، سەڵواوا، کەڕاوا و شارۆچکەکانی دی وەک رەزاو، پایگەلان، پاڵنگان و مەریوان و سەردانی سەقز و بانە. ئەو گەڕانەم بە هاوکاری خزمانی خۆم بوو و تەرخانم کردبوو بۆ ناسینی شوێنەواری مێژوویی و فەرهەنگی ناوچەی هۆرامان.

**من خزمەکانم و هۆرامانی رۆژهەڵات**

تەیموری کوڕی خاڵۆزای دایکم، موستەفا بەگ. دایکی کاک تەیمور نای زبێ بووە، کچی خاڵم حەمەلاو بەگ بووە. حەمەلاو بەگ لە زیندانی قەسری قاجار لەسەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری رەزا ڕەزا شای پەهلەوی، ساڵی ١٩٢٦ بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە زیندانی کراوە و لە هەمان زینداندا دوای مردنی لەوێندەری نێژراوە.
لەگەڵ کاک تەیمور چوین بۆ شاری سنە، لەوێ چوینە ماڵی حەمەمین بەگ، ئامۆزای باوکم، خۆی هاوسەرەکەی کە ناوی ئیران بوو، هەردووکیان بەتەمەن بوون. کاک تەیمور هەردووکیانی بە من

ناساند و توند له ئامێزیاگرت که زانییان ئامۆزیانم بۆ کارێکی مێژووی هاتووم.

**ژوورەکەی لالۆ حەمەمین بەگ**

لالۆ حەمەمین بەگ ژوورێکی تایبەتی له ماڵەکەیدا هەبوو، بەزۆری کتێبی مێژوویی، بەزمانی فارسی تێدا بوو. شەوێکیان باسی دەستەواژەی مێژوویی(ئیران) کردوە و له لالۆ حەمەمینم پرسی وشەی پووره ئیران له کوێوه هاتووه؟

ڕوی کرده هاوسەرەکەی(ئیران) و تی: ژنه بزانه ڕەشەی خزمت دەیەوێ چی بزانێ و وەڵامی بدەرەوه، که بۆچی ناوت ئیرانه!

پووره ئێران دایه قاقای پیکەنین و وتێ:

ناوی نەنکم ناوی ئیران بووه، ئەوەش ناوی ئافرەتێکی سەردەمی دێرینی وڵاتی هۆرامان بووه، له سەردەمی شارەستانی ئالهۆن، گوایه ئەو ژنه ئەندامی(ژێرلاومەرێ) بووه و سالاری وڵاتی ئێستای ئێران بووه. دواتر پووره ئیران درێژەی به قسەکانی داو داوای له حەمەمین مێردی کرد که یەو کتێبەی( ئیران واچ) بێنێ تاکو من سەیری بکەم. کتێبکه پتر له ١٥٠ لاپەڕه بوو، دیوی یەکەمی به ڕێنووسی زوانی هۆرامی دیرین  نویسرابوو، دیوی دووەمی به زوانی فارسی بوو. پاشان لالۆ حەمەمین بەگ بەمجۆره باسی کتێبەکەی کرد:

ئەم کتێبه ئافرەتێک نووسیویەتی ناوی ئیران بووه و له نیوان ساڵی ١٠٧٠ تاکو ١٠٠٠ی پێش زاینیدا نووسیاگه، دوای کتێبی ئاوێستا و ماریفەت نووسراوه.  ئەم ئەمڕۆ له ئێران قەدەغەیه و ڕژێم پێی بزانێ ئەو کەسه دەگرێ و لەناوی دەبات. لەم بارەوه من وەک

ڕەشید هەورامی پەی بە هیچ زانیارییەک نابەم کە ئەو بۆچونە پشتڕاستبکاتەوە.

## سەردەمی نووسین و مێژوو لە هەوراماندا

بۆ سەرهەڵدانی نووسین  و میژووەکەی، دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ئافرەت داهێنەری ئەو هونەرە بووە. من لیرەوە دیسان دەگەڕێمەوە سەر نەخشەنووسینی ئەو وێنانەی کە لە ئەشکەوتەکەی کەڕەچاڵ دیتم، لە گەشتەکەمەدا. دووبارە دەچمەوە باسی کەڕەچاڵ و ئەو نهێنیەی کە لەخۆیدا حەشاری داوە:

کەڕەچاڵ چاڵیکی قووڵی بەرفراوانی بناری شاخی هۆرامانە، بەڕوی شارەزووری باواندا، دنیای ئافرەتی شاهزادە یان شاهرازەری سەردەمی حەزرەتی ئاڵهۆن-هۆرامانی سەردەمی هەزارەی نیوان دوو و سێی پێش زایین بوو. لەپشتەوە شاخی  هۆرامان، لای ڕاست شاخی دالآنی، لای چەپ شاخی سوورین کەژاوەیان داوە، ئەو دۆڵە تەنها ئاسمانی لێوەدیارە. ئەو کەڕەچاڵە دەکەوێتە سەرووی گوندی ئەحمەد ئاوا و تاڤگەی زەڵم و لەویوە تەنها بە پیادە نیو دەمژمێرە.

ئەو کەڕەچاڵە شوێنەوارێکی مێژووییە و تا ساڵانی شەست و حەفتای سەدەی بیستەم وێنەکان بەسەر دیواری ئەشکەوتەکەوە دیار مابوون. پێشتر ئەم باسەم بە تێر و تەسەلی کردوە و نامەوێ دووبارەی بکەمەوە.

## ساڵ هاتن و چوون و
## کودەتای بەعسییەکان

لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ لەبیارەی ئازیز وەک مامۆستا گوازرامەوە بۆ قوتابخانەی کانی ئاسکان لە شاری سلێمانی و لەوێ درێژەم بە مامۆستایی دا.
بەڕێوەبەری خوێندگەگە مامۆستای نیشتیماپەروەر( شیخ ئەبوبکر هوری) بوو، ماڵیشم لەگەڕەکی سەرکاریز بوو.
دوو ساڵیکی پتر نەخایاند بەعسییەکان کۆدەتایان کرد و لە ڕۆژی دووەمدا واتە نۆی شوبات، درا بەسەر ماڵماندا و گیرام و چیم هە بوو لە کتێب و دەستنووس و لە پشتی سەرای سلێمانی کە مەیدانێکی چکۆلانە بووی، لەوێندەرێ سوتێنران. لەو گەنجینە مێژووییان کە سوتێنران، نەخشەی وڵاتی هۆرامان کە بریتی بوو لە ٢٤ ئۆرامانات( هەرێم) و لەگەڵ کتێبی مێژووی هۆرامان پێش زایینی کە چوارسەد لاپەڕە بوو. ئەوەی لەو سووتاندنە ڕزگاری بووئەو دەفتەرەم بوو کەلەلای مامۆستا ئەبوبەکر هۆرێنی بوو کە ساڵی ١٩٦٧ کەگەرامەوە بۆ بواری مامۆستای پێمی دایەوە. دواتر گوازرامەوە بۆ هەولێر و لە شارۆچکەی حەریری خانزادی قارەمان دامەزرام.
لە هەولیر بە هۆی چەند برادەرێکی دڵسۆزەوە، مامۆستا گیوی مۆکریانم ناسی. کەباسی خۆم بۆ ئەو مرۆڤە مەزنە کرد کە من هەورامیم و خەڵکی هۆرامانم و کوڕی ئاغەبەگم و جافرسان خاڵی دایکمە، زۆرخۆشحاڵی خۆی دەربڕی و وتی: چیت دەوێ و پێویست بوو لە ماتریاڵی نووسین، لە نووسینەکانم، دەتوانی بەکاربهێنی. لەو ڕۆژەو ئیدی من توانیم زانیارییەکی مێژوویی تەواو لەو نووسەرە

گەورەوە بەدەستبهێنم. لەوماوەیەدا دەفتەرەکی خۆمم نیشان دا کە دەربارەی کەرەچاڵ و نووسین و ئەو ژنەی تیابوو.
ئەویش کە وێنە و نووسینەکانی دی، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە ئەوە یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگە کە باسی داهێنان و لە دایکبوونی یەکەم نووسین دەکا. باسی ئەوەی کرد کە ئەوە یەکەم نووسینە کە بە زمانی ئۆرامی نووسیاگە.
من پرسیارێکم ئاراستە کرد کە لە خوێندگە ئەوەم خوێندوە کە بابلی و سۆمە ر و ئاشوریەکان خاوەنی یەکەم نووسین بوون، ئەویش، گیوی وتی ئەوەی وای وتوە، ڕاستی نەکردوە و پەی بەوە نەبردوە کە لە ناوچەی ئالهۆن نووسین پێش ئەوان داهێنراوە. بگرە مێژووەکەی دەگەریتەوە بۆ چوار پێنج هەزار بەر لە زاین. کاتێ زەوی و زاری نیوان روباری ڕاهیوم(دجلە) و ئیمداڕوم(فورات) دروست بوو، لە بەشی خۆرهەلاتی، ئەم وڵاتەوە، بە تایبەت لەناوچەی پالنگان، لە بناری شاهۆ لە بناری کێوی شاهۆ خەڵکی خەریکی کشتوکاڵ بوون و بەرەو خۆرهەلاتی هەردوو ڕوبار کۆچییان کردوە.
سۆمەری، ئەکەدی و بابلی و چەندانی دیش دواتر دروست بوون و تاماوەی سەدەو نێو بەشێک بوون لە شارەستانی ئالهۆن- هۆرامان، هەمان نووسینیان بەکارهیناوە، بەتایبەتی (الکتاب المقدس) بەو نووسینە نووسراوە و بگرە پەیڕەوی هەمان دابونەریتیان کراوە.

## سەرەتاڵی لەسەر زمانی هۆرامی

دڵسۆزی، دڵ و دەروونی خۆم بۆ مامۆستا حەمەمین هۆرامی خۆشەیست دەردەبڕم، کە مێژووی هۆرامانی بەم سەردەم و ڕۆژگارە ناساندوە و ڕەسەنی ئەو مەژەی(مێژووەی) لە نەمان ڕزگارکردوە و سەلماندویەتی کە زمانی هۆرامی یەکەمین زمانی بەرەی مرۆڤایەتییە. یەکێکی لە سەرچاوەی گرنگی بەکارهێناوە بەناوی (**تأريخ مستند ايران و جهان، از عصر سومر تا عصر بهلوي) و دەڵێت: درکتاب مقدس عهد عتيق آمده أست بابل، أكد، أشور، سومر، كنعان، علام، لود و أرام و تمام جيهان دارايى يک زبان و يک لغت بودأند. (تأريخ مستند ايران و جهان از عهد سومر تاعصري بهلوي) به فارسى لا ٤٨.**

ئەو کۆمەلانەی لە نێوان هەزارەی چوار و پێنج بەر لە زاییندا بۆ ئەو خۆر هەڵاتی ئەو دجلە و فرات کۆچییان کردوە، جێنیشین بوون و بە توانا و خواستی خۆیان توانیویانە بە ئاواتی خۆیان بگەن.
یەکەم کۆمەڵیان لە ناوچەی شنعار پێش چوار و پێنج هەزار بەر لە زایین نیشتەجێ بوون.
زەنوبیاخان، شارەستانی سۆمەری دامەزراندوە، ئەو ئافرەتە ناوی سمرێ خان بووە، شاری پاڵنگانی ئێستای پێش شەش یان حەوت هەزارساڵ دروستکردوە، دانیشتوانەکەی بەزمانی شیرنی هۆرامی دواون و هۆرامی ڕەسەن بوون. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچونە بروانە کتێبی الفنديداد، اهم الكتب التي تتألف منها الأبستا* (دکتۆر داود الجلبي ل ١١-١٢).
بۆ پتر پشتڕاسکردنەوەی ئەو واتایەی کتێبی( الفنديداد) برادەرێک وای گوت: حەمە خان ڕەحمان لەڕۆژی حەوتی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٦ ڕۆژی هەینی بوو لە مزگەوتی دوو دەرگای گەرەکی ئەسحابە سپێ شاری سلێمانی، نوێژی کردبوو وای گێرابووەوە گوایە یەزدان ئامۆژگاری ئادەم و حەوای کردوە کە هەندێ شت نەخۆن، بەلام ئەوان بە گوێیان نەکردوە و

هەر خواردویانە. دواتر ئادەم حەوا  لەو کارەیان پەشیمان بوونەتەوەو دەستیان بەپەڕانەوە کردوە بەڵام خوا لێیان خۆش نەبووە. ئادەم و حەوا بە چەند زمانێک دەپاڕێنەوە بەلام یەزدان گوێیان پێ نادا. لە ئەنجامدا ئیدی پەنا دەبەنە بەر زمانی هۆرامی و خواش لێیان خۆش دەبێ.(لەم بارەو لە ڕوی مێژووییەوە ئەوە پشتڕاست نەکردوە تا چەند ئەوە ڕاستە.

## زمانی هۆرامی
## زمانێکی سروشتیە

لەسەر زمانی هۆرامی، ئاماژە بە قسەکانی مامۆستا ئەحمەد نزیری شێخ عەلی خەلکی سنە دەکەین کە پێی وایە: زمانی هۆرامی زمانێکە شان بەشانی زمانە سەرەکییەکانی جیهانە و لەوانیش کەمتر نیە، بەڵام دەسەڵات وایکردوە بەکارهێنانی بەرتەسک بووەتەوە. مامۆستا ئەحمەد لە شوێنێکی دی باسی بەدبەختی زمانی هۆرامی دەکا: ئەگەر تۆزێک بە چاوتیژی سەرنجی ئەم گەنجینە مێژووییە بدەین، بە وشە و دەستەواژە پڕ واتاکانیدا بچینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو زمانە چەند بەهێز و ئەنباری وشەکانی چەند دەوڵەمەندە، بەداخەوە کە هۆرامی زوانەکانی ئەوڕۆ بایەخی پێ نادەن و ڕیشەی بوونی خۆیان گلە گلە وشک دەکەن، هەندێ جار هێندە لە گەڵ ئەو زمانەیان نامۆن کە وشەیەکی ڕەسەنیان گوێ لێ دەبێ، دەڵین ئەی چۆن ئێمەگەڵ هۆرامین و نەمان بیستوە. وشەکان زۆرن لەوانە: سۆزگی، نانەشان، داژی، عەسر، لەتەرێ، تەڕیانە، سەردۆڵە، مەسێ، گیای ڕونیاس..هتد

گوێ لە ئیلامی بگرە، لە کرماشان ڕاوەستە و سەرێ لە لەیلاخ بدەرەوە و پیاسەی نێو زاراوەکانی بکە چیمان بۆی تێدایە!، ئەو نووسەرە بە توانایە دەلیت، کرێکارێکی هۆرامی دەیەوێ بەیانی دەیەوێ بێداری بکەنەوە و بەم جۆرە پەیام بە هاوسەرکەی دەدا: زوو هۆرم بێزنە! واتە زوو هەڵم بسێنە! مامۆستا ئەحمە بەردەوام دەبی لەسەر باسکردنی هۆرامان و زوانەکەی کە لە مێژە بۆ سوودی زاراوەکانی دی وەک سۆرانی، کەڵکی لێ وەرگیراوە.

بۆ نموونە وشەی مێژوو لەو وشەی (مەژە)ی هۆرامییەوە داتاشراوە و بووەتە مێژوو، دەستەواژەی مەژە لەوشەی مێژووی بەتامتر و جێگیرترە.
بەپێی مامۆستا ئەحمەد، ئەگەر شێوەزمانی هۆرامی نەبووگایە، بنەماو پێشینەی زمانی کوردی(سۆرانی بە نموونە) دروست نە دەبوو و نەمان دەتوانی بڵێین زمانی کوردی زمانێکی ڕەسەنە. زمانی هۆرامی کە زمانێکی سروشتی و ڕەسەنە و داتاشراو نیە، هەر کە هۆرامی زوبانێک وشەیەکی ناڕاستی بە زارداهات خیرا لە لایەن هەورامییەکانی ددەنگ دەدرێ و بۆی ڕاست دەکەنەوە. تەنانەت ئەگەر خوێندەوارێکیش بێ، خیرا پیرێژنێک دەنگی دەدا.

---

**بروانە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٠ بابەتی زاراوە رەسەنەکان، ئەحمەد نەزیری شیخ عەلی سنە.**

## دابونەریت و ڕێرەوی ژیان لە هۆرامانادا

ولاتی هۆرامان بە ئالهۆنەکانییەوە لە سایەی ئەم واتایە بەڕێوەبراوە: {هەرکەس بەپێی کاری خۆی و هەرکەس بەپێی پێداویستیەکانی خۆی}، ڕێرەوی ڕژێم و یاسای حوکمرانی ولات، لە ژێر چاودێری ژیرلاوەمەڕێ و ئەنجومەن و پەرلەماندا بەڕێوە براوە کە کەس پێچەوانەی کاری نەکردوە.

## ژیرلاوەمەری کامانە بوون کاریان چۆن بەریوەبردووە؟ لا ٤١ دەستنوس

بۆ زانینی کار و ئەرکەکانی ژیرلاوەمەرێ لە کاری ئەنجومەنی و پەرلەمانتاریدا، دیسان پشت بە مامۆستا ئەحمەد نەزیری سنەیی دەبم کە باسی زاراوە ڕەسەنەکان دەکات(بروانە ڕامان ژمارە ٥٠ مانگی ئابی ٢٠٠)، مامۆستا دەڵێ: لە میژەوە تاکو هاتنی ئیسلام، لەهۆرامان‌دا کاروباری گشتی و یاساگەلی کۆمەڵ، بەهۆی شوراکانی(ژیرلا، کە واتەی شوار دەگەیێنێ) بەریوەبراون و رۆژگاری خەلکیان ریکخستوە. هەلبژاردنی ژیرلا(شورا) لەیەکەمین ڕۆژی ساڵدا دوای چوارەمین یان پێنجەمین ساڵ، لە خولی نوێیدا دەستنیشان کراوە. هەموو جارێ ژیرلایەکی نوێ دەستنیشان کراوە. دەربارەی ئەنجومەن هەڵبژاردنش مامۆستای ناوبراو نووسیویەتی مەرێم

واتە ئەنجومەن، هەر ئەنجومەنیک بە دەنگی پانزە یان بیست کەس هەڵبژێراوە، سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە ریش شپییەک بووە ناوی (پاوەر) بووگە و رۆڵگەلی ئەمینداری ئەمرۆ دیتوە. هەلبژاردنکە بەم شێوەیە کراوە:- پاوەر ناوێ ناوی ئەو کەسانەی، لەبەر پاکڕاگرتنی هەڵبژاردنەکە گۆڕیوە بۆ ناوی کۆمەڵێ میوە، لەوانە یەکێ ناوی گوێز، هەرمێ، لەتێ مێوژ و هەنجیر تاکو بیست ناوی خوازی چێ کردوە. لە کاتی دیارکراودا، هەموویان لەبەردەم یانەی ئەنجومەن مەرێدا گردبوونەتەوە. دواتر بەردێکی مێردزمە(قورس) دانراوە، یەکی بۆ ژن، یەکێکی دیش بۆ پیاو. هەر کەسێکی توانی بەرزکردنەوەی ئەو بەردەی هەبووە مافی دەنگدانی پێ بەخشراوە، هەشبووە پێشتر لە ژیرلادا مافی دەنگدانی هەبووە. لە دەنگدانەکەدا ژن و پیاو وەک یەک بەشدارییان کردوە. هەریەکێکش دەنگی دابێ، ئەو هێمایە یان ناوە خوازراوەی(میوەیە) خستوە کیسی دەنگدانەوە و کێ دەنگی زۆری هێناوە، ئەو کەسە بووتە ژیرلا.

**پلەی ژیرلایی**

پلەی ژیرلایی پلەیەکی بەرزبووە بۆ گەیشتن بەو پلەیە ڕەنجی زۆر پێویست بووە، بەجۆرێک کە بۆ گەیشتن بەو پایەیە، خزمەتەکاری خۆی وەک نوێنەر تەواو سەلماندوە، کە دەنگدەران و هاونیشتیمانیان لێی ڕازی بن. ژیرلا دوو جۆر یاسا بووە، یەکەم یاسای بنەڕەتی  و نەگۆڕی ئاینی بووە و لە دەستووری زەردەشت و ماریفەتی پیرشالیاری پێشینی بێ کە دەبێ بێ کەموکورتی پەیڕەو بکرێ.  دووەم یاسای بەڕیوەبردی ئیش وکاری خەڵکی. یاسای یەکەم پێوەست بووە بەستەری گیانی و ڕەوانی نیوان مرۆڤەکان و خودا و خۆ نزیکردنەوە لە ڕەوانی خود.

مامۆستا دەڵێت:-

لە خۆشی لە دایکبوونی زارۆک، جائیدی کوڕ بووبێ یان کچ دوو نەمانی نوێ چێنراوە، بۆ تاوانیش، سزاکەی ڕێگەچاکردن یان کارێز هەڵکەند بۆ کێڵگەیەک یان ئاواییەک.

لەبەهاراندا ئەو ژیرلانە ماڵ بە ماڵ گەڕاون و هەرکەسێ خواردن و پیداویستی پتر،بووبێ، بەپێی توانا هاوکارییان لێوەرگیراوە و دراوە بە نەدارەکان. ئەوانەشی ئەو کۆمەکەیان وەگرتووە، کە بژێوییان باش بووە، هاوکەرییەکەیان گەڕاندوەتەوە، وەک ڕامانت( قەرز دیاری کراوە)، هیچ کەس نەیتوانیوە لەو نەگەڕانەوەی ئەو ڕامانتە خۆی بدزێتەوە. ئەرکەکانی ژیرلا گەلێک بوونە، لەوانە هاوکاری پیر و پەکەوتەکان و چاوساغی لەڕێگە دۆزینەوە و ..هتد لێرەدا ئەو جێگەی نابێتەوە.

**ڕۆڵی مەرێ خاڵی ١٨ ل ١٠***

مەرێ یان پەرلەمان جێگایە بووە ژیرلاکان لەوێندەر کۆبۆنەتەوە و گەنگەشەیان کردوە و راستیەکانیان داوەتە بەر باس و هەڵسەنگاندن. لە سەکۆی مەرێدا هەر دادێ(حوکم) درابێ، دواتر بەجێ گەێندراوە. کەس نەیوێراوە سەرپێچی بکا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو تاوانە بەکۆی گشتی سەلمێنرابێ. (بروانە رامان ژمارە ٥٠ ساڵی ٢٠٠٠، بابەتی زاراوە ڕەسەنەکان . ل ٩-١٠ تاکو ١٧).

زمانی دیالۆگ و دواندن یەکێک بووە لە ئامرازەکانی راستکردنەوە و چاکردنی ئەو کەسانەی کە ڕێگەی خراپیان هەڵبژاردووە. دواتر سزای توندیان دراوە کە زانراوە ئیدی ڕێگەکانی کانی دی سوودیان نیە. لەو سەردەمەدا هۆرامان خاوەنی ٩٩ پیری*(ئەوانە کە ڕابەری ئاینی بوون) هۆرامان بوون. دوای هاتنی ئیسلام و نەمانی دەسەلاتیان هەندێکیان لەبەر هەر هۆیەک بوو تێکەڵی گەندەڵی و زۆرجاریش نمایشتەکانی **ئاوێستا** و زەردەشتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهیناوە.

بەگشتی ئاینی زەردەشت ئاینێکی یەکسان بووە و پڕبووە لە دادوسازی(حکمەتی) جوان. بڕوانە هەمان سەرچاوە خاڵی ١٨ ل ١٠ -١٩.

# هەندێ بۆچوون لە سەر یاسا و سیستەمی بەڕێوەبردن لە هۆرامان.ل ٤٥

لەسەرەتاوە باسی ئەوەم کرد، کە ژیرلاو مەری ولاتیان بەڕێوەبردووە(بروانە گۆڤاری النهج ژمارە ٢٤ ل ٢٠٥)* هەروەها (مامۆستا ئەحمەد نزیری). دەربارەی پشتڕاسکردنەوەی ئەم بۆچونە و ئەوانی دی، هەندێ نووسەر و شەرچاوە وا ئێژن:-

- سەلام کوبە لە گۆڤاری النهج، ژمارە ٢٤ چاپی ساڵی ٢٠٠٠، کە گۆڤارێکی فەلسەفی و زانستی حزبی شیوعی عێراقییە، لە وتارێکی مێژووییدا بە ناونیشانی( کردستان العراق و المجتمع المدني الحدیث) ئاماژە بەو یەکسانی سسیتەمی بەڕیوەبردنی زەردەشتی و پیاوە ئاینیەکانی، ژیرلا مەری و پیرەکانی دەکا: *قال الکرد عن انفسهم حسب ماجاء في تأریخیهم الشفاهي الشرفنامة:{ نحن کنا اسرة واحدة ولم یتمیز آباؤنا و واخوننا عن بعضهم البعض الاخر..}* واتە ئێمە خیزانێک بووین و باوباپیرمان هیچ جیاوازییەکیان نەکردوە لە نیوانماندا. هەمان واتای مامۆستا کوبە، لە پەڕتوکی ماریفەتی پیرشالیاری یەکەم دایە لەکە ساڵی ١٣٥٠ پێش زاییندا و بە زوانی هۆرامی کۆن نویسیاوەتەوە و نووسین بە هەورامی بووە. کوبە(بڕوانە هەمان سەرچاوە) ئەوەش پشتڕاست دەکاتەوە، کە تاکو پەنجاکانی سەدەی پێشوش زمانی هۆرامی، بەتایبەتی لای کەسانی خاوەن خامە و بە ئەزمون، زمانی نووسین بووە، زۆر دانیشتن و ئاخاوتنەکانیان بەو زمانە بەڕیوەبردووە، کەچی ئەمڕۆ بەداخەوە لە شارەدێیەکی وەک تەوێڵە و بیارە و بگرە شارۆجکەی خۆرماڵیش، خوێندکارەکان مافی ئەوەیان نییە تەنانەت وانەیەکیان بەزمانی هۆرامی هەبێ، هەر هیچ نەبێ بۆ ئاشنایی و بەردەوامی بوونی ئەو دەستەواژەو بەهێزکردنی ئەو بەستەرەی کە گرنگە بۆ مێژووەکەیان.

- شیخ سادقی  گوندی گوڵپ یان ئەلە پەشە،  کەوا ناویان بردووە: کۆمەڵی نامەی دەستنووسی هۆرامی لابووە، کە شێوەی هەورامی دێرین نووسراونەتەوە.
- کێخا قادری زانای بیارە. ئەویش کۆمەڵێ نامەی لابووە کە دەستنووس بوون و بە بەهەمان شێواز نووسراون.

## ڕۆڵ و دەستپێشخەری ئافرەت
## لە مێژوودا ل ٤٧

لەو کاتەوە کە ئینسان هاتووەتە بوون و چاوی بەدەوری خۆیادا گێڕاوە و شتەکان سروشت سەرنجی راکێشاون، کەوتوتە جوڵە، ئیدی هەنگاو هەنگاو بۆ لایان کشاوە و لێیان وردبوەتەوە و زۆرجاریش خۆی گونجاندوە و پەی بەوە بردوە کە ژین بەردەوام بەرەو پێش دەچێ.
کێ داهێنەری کشتوکاڵە؟
لە کتێبی (موجز العلم في التأريخ) هاتووە{ ان المرأة هی اول ن اكتشفت الزراعة قبل اختراع المحراث و الفأس، لأنه انبثق من عملها الأول هو نبش الارض بحثا عن البذور الصالحة للأكل و تخزينها وطمرها في التربة..}  بڕوانە( ج. د. برنال. سعد الفیشاوی کردویەتی بەعەرەبی ل ٣٣). مەبەستی ئەوەیە کە ئافرەت یەکەم داهێنەری کشتوکاڵ بووە، پێش ئەوەی گاجووت و زەمینکەن- پاچ بێتە ئاراوە. ئافرەت توانیوەیەتی بزانە تۆی دانەوێڵەو و میوەی بخاتە ژێر گڵ و بیچێنێ.
لەسەر مەزنی ئافرەت ناپلیۆن دەڵێ: ئافرەت بە دەستێکی بێشکە و بەوی دی دنیا ڕادەژەنێ، بڕوانە هەمان سەرچاوە.
ئافرەتی دایک، لە دەستپێشخەریدا بووە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان و پێشکەوتن، زانیاری، زانست و  دابونەریتی ڕێبازی ژیان و خۆشباری نەوەکانی. لێرەدا ڕۆشنایی دەخەمە سەر لەو ئافرەتە مەزنانەی ناوچەی هۆرامان کە پشتریش بە کورتی ئاماژەم پێیاندا:-

- ئاینارخان: یەکەم کەس، پێش ١٤-١٥ هەزار ساڵ پیش زاینی، نووسینی داهێناوە لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان و بەردەکانی وێنە و پیتی هەڵکۆڵییەوە.
- چەرمێ، ئەویش ئافرەتیکی داهێنەرێکی دی بووە لە بواری کشتوکاڵ، پێش ٨-٩ هەزار ساڵ لە نێوان گوندی (گوڵپ و گوندی سەرگەت) ی هۆرامان بووە
- سمرێ خان: شاری میدیای کۆن، پاڵنگانی ئێستا لە نێوان ساڵی ٦-٧ هەزارەی پێش زاینیدا لە ئامێزی شاخی شاهۆدا دروستکردوە.
- تەریبخان: لە ساڵی ٤٥٠ پ ز شاری تەوێڵەی بەناوی تەرتیبا دروستکردوە
- بیارێ: لە ساڵی ٤٨٠٠ پ ز شارۆچکەی بیارەی ئێستەی بەناوی بیارێ دروست کردوە
- زردئاڵ: لەسەر شانەی باسکەدرێژ، ساری بازی، لە ساڵی ٣٧٠٠ پ ز دروستکردوە و جۆگایەکی ئاوی لە خوار گوندی (هانە نەوتی) لای کانی هانە قالاوا کە ئاوی چەمی بیارە بەوێدا دەڕوات و بەدرێژایی نزیکە ٩٠ کم جۆگەیەکی بەناوی خۆیەوە بەناو زردئاڵ ناونراوە. ئەمرۆ بێجگە جۆگەکە، ئاسەواری شارەکە لەبەر هەر هۆیەک بێ نەماوە. لێرەدا شایەنی خۆیەتی پەنا بۆ گۆرانبێژی حەمە حسێن کێمنەیی بەرم کە دەچڕێ: شەرتەن بیکرم جێبێ سەربەتاڵ

  پەی ئامولواکەی جادەی زردئاڵ

زردئاڵ خان، دوای پانزە ساڵ کراوە بە سالاری ناوچەی قەرەداغ، واتە ئەندامی کاری ژێرلاوەرێی شارەستانیەتی زەردیار، کە دواتر ئوسمانیەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ قەرەداغ. ناوی زەردیار، لە شاخی زەردی قەرەداغی ئێستا وەرگیراوە.

- زەنوبیاخان: نەژاد و ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئافرەتی دایکی مەزن( سمری خان) وەک ئاماژەم پێدا شاری پاڵنگانی ئێستا. زەنوبیان لە نێوان هەزارەی ٤-٥ پ ز شارەستانیەتی سۆمەری دامەزراندوە و بەهەمان پەیڕەوی ئالهۆن(هۆرامان) واتە کاتێ ناوچەی نێودوواوان(بین النهرین) دروست بووە. زۆر لە دانیشتوانی شارەستانی پالنگان کۆچیان کردوە بۆ خۆرهەلاتی ئەو ناوچەیە کردوە. زەنوبیان ناوی سۆمەری

لەو شارەستانییە مەزنە ناوە، هەلبژاردنی ناوەکە پەیوەستبووە بە ناوی (سمری)یەوە. ناوی سمری تاکو ئەمڕۆش لە ناوچە هۆرامانی تەخت باوە. خوشکێکی خالۆژن (عاسما)ی خۆم ناوی سمری بوو و لەپالنگان لە بناری کێوی شاهۆ دەژیا.

- ئیرگڵپ: ئەم دایکە لە سەردەمی شارەستانیەتی ئالهۆن(هۆرامان) دا ئەندامی ژیرلاو مەری بووە و لە ساڵی ٢٥٦٠ پ ز شارۆچکەی گوڵپی دروستکردوە(ئەوە بەبپێی دەستنووسکەی (شێخ سادق) ی کە تێیدا ناوی گوڵپی بە ئیران گڵپ بردووە. بەپێی سەردەم ناوی گوڵپ و بگرە زۆر شوینی ناوچەکەش گۆڕانی بەخۆیەوە دیتوە، تا ئەنجام شوێنەواری ئەو شارەستانییە بەناوی خورماڵەوە سەقامگیربووە.
- ئالبجە: دایکێکی خاوەن دەست ڕەنگین بووە و ناسراو بووە، خەلکی گوندی سازان ئێستا بووە دەکەوێتە نزیک شاری هەڵەبجەی ئێستا. ئەمەش بەپێی گێرانەوەی عەلی شاوەیس کە خەڵکی ئەو ناوچەیەیە.
- شامیرانی: ئەو کەسە مەزنە سالاری دڵسۆز و دایکێکی بێوینەی بەرەی هەژاران بووە، سەردەمی (ئۆرارتۆ) لە شاکارەکانی دروستکردنی شاری وان بووە و لەساڵی ٨٨٤ پ ز کەنداوێکی/جۆگەیەکی ئاوی پاکی بەدرێژایی٦٤ کم ڕاکێشاوە و ئەو ٣٠٠ کرێکارەی کە لەو پرۆژەیەدا کاریان کردوە یەکی ٣٠ لیرەیان پاداشت وەرگرتووە، بڕوانە ( المدن الكردية، نووسینی ئازاد دێرکی).
- لە گۆڤاری هۆرامان، ژمارە ٢٢و ٢٣ هاوینو پایزی ٢٠٠٨ دا بابەتێک بە بە زوانی هۆرامی لە ژێر ناوی ژەنی جەهۆرامانە بە پێنوسی فتحوڵای نەجەفی پاوەیی ، بڕوانە (ل ٢٦-٢٧) بڵاوبووەتەوە و ئاماژە دەکا بە: کە لەسەردەمی ئیمراتۆریەتی ئەشکانیەکاندا ئافرەتێکی ئازاو ژیر بەناوی(ئاداد) لە هۆراماندا حوکمڕانی کردوە و دراویشی لێداوە. مامۆستا موحەمەدین ئەمین لە کتێبی(مێژووی هەورامان، بڕوانە ل ٢٢-٢٧)دا بەڕۆنی باسی ئەو ئافرەتەی کردوە و ئەوەشی پشتڕاستکردوەتەوە کە ئەو ئافرەتە(ئاداد) دروای لێداوە، کە دیوێکی وێنەی خۆی بووە و ئەوی دیشی نەخشەی وڵات بووە.

- لەسەردەمی هارون رەشیدی عەباسیەکاندا ئافرەتێکی دی هۆرامی بووە بەناوی مەنیجە بۆ ماوەی ساڵێک لەبەر زیرەکی لەو ناوچەیە حوکمران بووە(بروانە هەمان سەرچاو).
- هەر لەسەر ڕۆڵی ئافرەت و مێژووی هۆرامان و شارەستانیەتی، نادر نەقشبەندی نووسیویەتی: شێرەژنێکی وەک ئەداخان وەک یەکێک لە ژنە ناسراوەکانی هۆرامان دوو خولی چوارساڵە ئەندامی ژیرلاوەمەرێ بووە و خزمەتێکی بەرچاوی ژنانی ئەو سەردەمەی کردوە کە مێینە لە زیندە بەچاڵکردن ڕزگار بکا، کە لە فەرهەنگێ ئیسلامی عەرەبی چوار شارەستانی ناوچە کوشتنی ژنان دیاردەیەکی بەرباوبووە.
- بانو ئانینی یان بانوو ئانینو، لە هەزارەی سێیەمی پ ز فەرمانڕەوایی لۆلۆییەکانی کردوە، بڕوانە کتێبی( زەردەشت، عبدوالله قەرداغی، مەلا عەلی چاپی دووەم ،٢٠٠٧ ل. ٢٧)، هەروەها بڕوانە مێژووی هەورامان( موحەمەد ئەمین هۆرامی، وێنەی ل ٦٩. دەستنوس ل ٥٤

بەداخەوە لەسەرەتای سەدەی بیست ویەکەمەوە ئیدی دوای بەرەڵاکردنی باشووری کوردستان، زۆربەی ئاسەوارە مێژووییەکان کەوتونەتە بەرتاڵان و دزراون، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ناوچەی هۆرامانن و بەگشتی لە شوێنەکانی دی نیشتیمان.

## یەکەم گوند لە جیهاندا

گوندی چەرمۆ

مامۆستا مەلا عەلی دەستنیشانی هەندێ نووسین و واتای بێگانەی دەربارەی یەکەم گوندێ لە جیهاندا کە کشتوکاڵی کردبێ کە ناوی چەرمۆ بووە. توێژینەوەیەک لەلایەن توێژەروەکانی دانیشگای شیکاگۆوە ئەنجام دراوە. کارەکانیان لە ساڵی ١٩٤٨ هەتا  ساڵی ١٩٥٥ بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر (بریدود) بەردەوام بووە. لە توێژنەوەکەدا باسی ئەوە کراوە کە ئەوان توانیان، شانزە چین لە زەوەی ببشکنن و بۆیان دەرکەوت، پاشماوەی گوندی(چەرمۆ) دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش زاین. دانیشتوانی ئەو گوندە ١٥٠ بووە و دانەوێڵەیان چاندوە. لەو دانەوێڵانە جۆ،

نیسک، نۆک، و بایەخی زۆریان بە داری بەردار، ئاژەڵداری و میوە، داوە بەتایبەتی بەڕو، فستق، مەڕ، بزن، بەراز و مانگا. تەنانەت گەوڕی لاکێشەیان بۆ مانگاکانیان لە قوڕ و بەرد دروستکردوە. دانیشتوانی چرمۆ یان چەرمۆ کاری چینینیانیشیان کردوە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان داهێنەری دەرزین.

دەربارەی چەرمۆ( چەرمیێ) بەو جۆرەیە کە منیش دەڵێم یەکەم گوندە لە جیهاندا دروستکرابێ، مرۆڤ توانیویەتی خۆی لەژیانی ئەشکەوت ڕزگار بکا و خانو و لانەی بۆخی دروست بکا. بروانە عەبدواڵا قەرەداغی- مەلاعەلی قەرەداغی ل ٦٨.

ئەگەر لەدەرەوەی دنیاری زانیاری و ئەکادیمیشەوە سەیری بکەین و بچینە لای ئەوانەی خۆمان و ئەو ناوەنداند و کەسایەتییانەی کە هەبوون لە هەورامان، هەمان بۆچونمان بۆ ڕاست دەکەنەوە کە چرمۆ یەکەم لانەی کشتۆکاڵ بووە لە جیهاندا، لەوانە وەک:-

- زانای شاری پاوە نجە قوڵی
- شیخ عوسمانی شیخ عەلادینی بیارە
- شیخ سادقی بیارە گوڵپ
- کیخا قادری بیارە

ئەو مەزنانە سەرپاکیان نووسەرو خاوەن زانیاری تایبەتی و بەسودبوون دەربارەی ئەو ناوچەیە، بۆ نموونە  نجە قولێ، زمانی فاسی تورکی، فارسی و پتر لە بیست ساڵ لە یۆنان ژیاوە. ئەو مەزنانە خامە ڕەنگین و نووسەر و هۆنەر بوون. (شیخ سادق شیخ حیسامەدین) ی گوڵپ دۆستێکی گیانی بەگیانی بوو لەگەڵ باوکمدا(ئاغەبەک). خۆشم یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی خویندگەی گوڵپ لە مانگی نۆی ساڵی ١٩٥٥دا. شیخ سادق چەندان دەستنووسی بەنرخی هەبوو.  ئا لەو ساڵەدا کە من لەوێندەرێ مامۆستابوو، شیخ سادق منی زۆر خۆش دەویست و لەگەڵ کوڕەکانیدا، شیخ لە تیف و شیخ نەزیف پێکەوە بەردەوام دەستنووسەکانی شێخمان دەخوێندەوە. بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە لەسەر هۆرامان،

دروستبوونی گوندی گوڵپ و چەرمێ، کە لەم دواییانە بە چەرمۆ ناوی دەرکرد، نووسی بوون.

## من و دایکم لەساڵی ١٩٤٦ و وێنەی چەرمێ خان ل ٥٩

من دایکم لە بیارەوە بەپێ چوین بۆ گوندی سەرگەت و بۆ سەردانی ماڵی ئەفراسیاوبەگی خاڵۆی دایکم. دوای نانی ئێوارە لە دیواخانەکەی دانیشتین و هەندێ میوانی دیشی تێدا بوو. دایکم کەوتە پرسیاری وێنەی ئەو ئافرتە نازدارە کە بە چەرمێ ناسرابوو و داوای لە ئەفراسیاوکرد کە باسی بکا.
ئافراسیاو: ئەو ئافرەتە هی سەردەمێکی دێرینە و چیرۆکی زۆرە، بارەشەی کوڕێش بتوانێ بینوسێتەوە و دەتوانێ وێنەکەش بکێشێ، پاشان کەوتە دوان: پاربوو ساڵی ١٩٤٥ وەرزی پایزبوو-پەڵەی دابوو- زەوی جووت دەکرد. ئالەو خوارەوە نەسروڵا بەگی خزمتان لەگەڵ ئەلەی جوتیاردا بوو پێکەوە هاتووچۆیان دەکرد و گۆرانی بۆ دەوتەوە، لەپڕ نوکی گاسنەکە گیرا لەو قاوەسینیە و کەوتە سەرەوە. خێرا نەسروڵابەگ قاوەسینە هەڵدەگرێتەوە و ئیدی هەردووکیان واز لە جووتکردن دەهێنن وقاوەسینیەی هێنا منیش زۆر پێی شاد بووم. لە خۆشیدا من هەر ئەوەم بۆکرا کە دەستم کردە ملی هەردووکیان و پێم وتن ئەمە بەڵگەی دێرینی هۆرامانی ئێمەیە کە دەیسەلمێنی ئێمە خاوەن شارەستانی بوون. پاشان ئەفراسیاو دوای ماوەیەک ناردی بەدوای نجەقوڵی زانای شاری پاوەدا تاکو بێت و بزانێ وێنەی ئەو دایکە بۆمان باسبکا کە بەڕوی قاوەسینیەکەوەیە.
دوای ماوەیەک کە نجە قوڵی هاتو سینەیەکی بینی، دوای وردبوونەوەیەک وتی: ئەو دایەکە ناوی (چەرمێ)یە و یەکەم گوندی چەرمێ یان چەرموی پێش ١٠ تا ١١ هەزار پ ز، دروستکردوە. ئەو ژنە مرۆڤی لە ژیانی ئەشکەوت رزگار کردوە. ئەو دایکە لە سەردەمی شارەستانی ئالهۆن، لهۆنی ئێستا سالاری ناودار بووە. ئەفراسیاوبەگ دوای ئەوەی نجە قوڵی زانیارییەکی تۆمارکرد، دەفتەرەکەی دایە دەستی من و داوای لێکردم

کەمنیش تۆماری بکەم لای خۆم. ئەو دەفتەرەم لە کودەتای هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، دوای ئەوەی خۆمیان گرت، ئەویشیان لەگەڵ کتێبەکانی دیدا سووتاند.

وشەی هەنی و شوتی

لە بەشی پشتردا باسی ڕۆڵی ئافرەتم کرد لە دۆزینەوەی کشتوکاڵ و میوە. لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەشی هۆرامانەکەی بە شوتی دەڵێن هەنی، لە ناوچەکانی ڕەزاو، پایگێلان، هۆرامانی تەخت، تەواو ئەو وشەیە باوە. من دیسان دەگەڕێمەوە بۆ ساڵێ ١٩٧٨ کە دوای ئەوەی لەلایەن بەعسەوە ڕاونرام گەشتێکی فراوانی هۆرامانی ئەو بەشەی کوردستانم کرد. سەردانی شارۆچکەی نەوسوود، جوانڕۆ و بەلەبزان کە زۆربەی خزمی خۆم بوون بە تایبەتی لە نەوەی جافرسانی خالۆزای دایکم. من زۆربەی شەوان لە دیدەنی ماڵی ئەوان بووم و بەشداری کۆڕە گەرمەکانم دەکرد. جارێکیان لە گەڵ مەحمود بەگ چوین بۆ جوانڕۆو پاوە، لە پاوە سەردانی ماڵی خزمێکی دیمان بەناوی ڕۆستەم بەگەوە کرد، هاوسەرەکی ناوی ڕەزای عەلی بەگ بوو، ئامۆزای خۆی بوو، ناوی خەجێ بوو. کاتێ خاڵە مەحمود بەگ بانگی خەجێ کرد کە گۆرانی بڵێ! پۆرە خەجێ کەمێ پێکەنی و کەوتە گۆرانی وتن و سیاچەمانەیەکی بەسۆزی چڕی!

دواتر پورە خەجێ وتی سیاچەمانە ١٨٠ بابەتی هەیە و خاوەن شاکاری ئەو هونەرە لە زاری ئافرەتێکەوە دەرچووە بە ناوی (هەنی)یەوە، منیش لە خۆشی ئەو ناوەوە ناو نراوم ئیستە ناوم خەجێیە.

پورە هەنی درێژەی بە قسەکانی داو وتی من تەنها هێندەی لێ دەزانم. بەداخەوە ئەمڕۆ سیاچەمانە تەنها نزیکەی ١٢ بەزمی ماوە، وەک دەیان دابونەریتی دێرینی دیمان سڕاوەتەوە لەبیرنەماوە.

دروستبوونی نێو دواوان و

نووسەری پەڕاوی وادي الرافيدين مهد الحضارات. للسيرليونارد وولی و ئەحمەد عەبدالرزاق ئەلباقی وەریگێراوە بۆ کوردی، دەڵێ خاکی نێودواوان یەکەم لانەکی ژیان بوو وسەرەتای لەدایکبوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بووە.

زۆر کەرەستەی کارکردن و چەک لەوناوچەیە دۆزراوەتەوە، ئەو دۆڵە لە تاکو دۆڵی بیقاع کشاوە، (بڕوانە ل ١٥ نووسەر). ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پەنجا هەزار ساڵ پێش ئێستا و نووسەر ئاماژەش بەوە دەکا، لە کیشوەرەکانی هێشتا بوونیان نەبووە و وشکانی یەک پارچە بووە. کشانی خەڵکیش بۆ ئەو ناوچە بەپیتە، مەبەست نێودواوان، پێش چوار تا پێنج هەزار ساڵ دەستی پێکردوە، دواتر هەر تاقمەی بەپێی مەرجی ژیانی خۆی گەشەکردوە ئامرازی خۆیان داهێناوە. نووسەر بە ڕاشکاوانە باسی دانیشتوانی بەشی باکور و باشووری نێودواوان دەکات ک ئەوان رشەیان سامی نەبووە تەواو لەوانی دیکە جیابوون. ئەو پێکهاتانە لە شوێنەکانی کیشوەری ئاسیا و پاشماوەکانیان لە وڵاتی فارس، بلوجستان و مەنگۆلیا جێگیربوون، ئەلێ باشترین پێناسەی کە شایەنیان بێ نەژادی ئێرانییە(بڕوانە هەمان سەرچاوە ل ١٩). تێڕوانینی ئەم نووسەر ئەوە دەخاتە درۆ کە میللەتی ئێمە لە نەژادی سامی نیەوە و وڵاتی هۆرامیەکان بووە. هەر لە هۆرامان یەکەم نووسین، یەکەم گوند، کشتوکاڵ، ماڵیکردنی ئاژەڵ و دورینی جل وبەرگ داهێنرا. تەواوی ئامرازەکانی کارکردن و شکار، شاکاری دەستی خەلکی ناوچە و دایکی مەزنن. وڵاتی فارسی ئەمڕۆ لە ناوی ئیرانی کچی پارسەوە هاتووە و ئەو ئافرەتە ئەمیری هەرێمی ئیران، لە سەردەمی شارەستانی ئالهۆندا(هۆرامان) بووە و کتێبی ئاویستا هەزار تاکو ١٠٧٥ پ ز نووسراوەتەوە.

بوونی دێرینی ئەم وڵاتەمان کە مەڵبەندی یەکەمی ژیان و ئاوەدانی مرۆڤ بووە، لێرەوە ئینسان کۆچی بۆ شوێنەکانی دی جیهان کردوە، لەوانە کشیوەری ئەوروپا، بروانە( سومر الجزء الثامن- طبعة بغداد عام ١٩٥٢). ئافرەتێکی بەریتانی بە ناوی(ماواما) هێندە خاکی هۆرامانی چووەتە دڵ گوتەیەتی ئەگەر بۆم بکرابایە ئەوروپا و ئەمریام دەفرۆشت و لە هۆرمان نیشتەجێ دەبووم، بڕوانە(مجلة الثقافة الاجنبية). ئەم بۆچوون و تێڕوانینانە هەمووی ئەوە دەسەلمێنن کە وڵاتی ئێمە چەند دڵگیر و دێرین بووە و شوێنی ژیانی تیایە.

میژووناسی بەناوبانگی ڕوسی ف.أو، کلوجیفسکی دەڵێ: {ینبغي لنا ان نعرف الماضي لیس لکونە ماضیا، بل لأنە لم نتمکن من ازالة اثارە بعد ذهابە} واتە: پێویستە بە رابردوو ئاشنا بین، نەک لەبەرە ئەوەی تەنها ڕابردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ناتوانین ئاسەوارەکانی بسڕینەوە دوای نەمانی، بڕوانە( گۆڤاری شمس کوردستان، ژمارە ١٩و ٢٠ ساڵی ١٩٧٤ ل ١٣).

بەڵی یەکەم گوندی کشتوکاڵ چەرمێ بووە لە جیهاندا و یەکەم کتێبی ئاوێستای زەردەشت بووە، ئەو کتێبە چەندان ئاماژە و ڕێمنایی دێرینی تیایە لەوانە لەسەر فەلسەفە و چوار ڕەگەزەکەی چوار ڕەگەزی ژیان: خاک، یاو، هەوا و ئاگر و یەکێک لەوانە نەبێ، ژیان نامێنێ.

کەلثوم جمیل عبدالواحدا  لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٧ لە نووسینێکی خۆیدا بە ناوی العقیدة الزرادشتیة. دەڵێت: یعد آفستا کتابا مقدسا للزرادشتیین و هو قانون و شریعة مسطورة بلغة ربما الاخمینیة القدیمة أو المیدیة نفسها، بڕوانە کردستان عهد الساسانیین ٢٣٤-٦٣٠ ق م  ساڵی ٢٠٠٧ ل ٤٥.

ل ٧٥

## نێودواوان و
## کشانی کۆمەڵانی خەڵک(وادی الرافدین)

نیوان ڕووباری( راخیوم) و دجلە و ڕوباری ئیمداروم(فراوت) تاکو نیوان پێنج تا شە هەزارەی پ ز چۆڵ بووە، لە زۆناگاو، میرگ، شەخەڵ و تێکەوشتی دی، تاکو نزیکی شاری ئێستا تکریت، چیتر نەبووە و چۆڵەوانی بووە. دوای ئەوەی وردە وردە زەوی زار دروست بووە، هێدی هێدی خەڵکیش بەرەو سەرووی وڵات کشاوە و کۆمەڵ کۆمەڵ لە باشووریشیدا ڕونیشتون  و دەستیان بە بە ئیش وکاری کردوە و ئاوەدانیان پێکهێناوە.

وەک لە سەرەتای ئەم بەدواداچوونەم پەنجەم خستەسەری، یەکەم نووسین بەشێکی لەناوچەی هۆرامانی ئێمە لەسەر دەستی ئافرەتێک داهێنراوە و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ١٤ تاکو ١٥ هەزار ساڵ پ ز. (بڕوانە الموسوعة الصغیرة ژمارة ٨٣ ل ٣٥). بەدەر لە داهێنانی نووسین،

بگرە یەکەم ئەنجومەن و پێوەری دیموکراتیش بۆ رادەربڕین لە دەڤەری هۆرامان دامەزراوە، ڕێزگرتنی یەکسانی مرۆڤەکان و بە تایبەتی ژنا. یەکێ لەو گەنجینە دەوڵەمەندەی کە جێگەی شانازی کۆمەڵی هۆرامانە و لەسەرەدمی زەردەشت و ڕێمنایەکانی ئاوێستا ماوەتەوە، قەدەغەکردنی کوشتنی ئافرەتان و ژن بەژنە، کە تاکو ئەمڕۆ زۆر لە ناوچەکانی دی کوردستان برەوەی گەرمە. بەدەر لەوەی کە زەردەشتی ئاینێک بووە، بەڵام بۆ نا وەک فەلسفەیەکی بەڕیوەبردنی کۆمەڵ سەیری بکرێ؟ بەڵکو خاوەن پایەگەلێکی دیموکراتی بووە کە بەردەوام جاڕی ئاشتی داوە. نووسەری کتێبی (الموسوعة الصغیرة ژ ٧٧ ل ٢١-٢٢) نەجیة المراني دەڵێت: هۆرامان وئالهۆنەکانی، یەکەم ئەنجومەنی دیموکراتییان دامەزراندوە نەک ئەوروپییەکان. بگرە هۆرامییەکان پێش یۆنانیەکان ئەو داهێنانەیان کردوە. بڕوانە هەمان سەرچاوە.

**نووسەر ناجییە المراني، لە درێژەی باسەکەیدا دەربارەی کاری ئاسەوارناسەکان لە ناوچەی هۆرامان دەڵێ: { ان عالم الاثار المثابر قام بتحریاته العمیقة لم یکن یعلم أنه سیحصل علی وثیقة تکشف النقاب عن أن أقدم جمعیة من هذا النوع کانت قد اجتمعت قبل خمسة آلاف سنة و في بلاد ما بین النهرین} بڕوانە کتێبی فخ العولمة، دوو ئەڵمانی. هانس پیترمارتین و هارالدشومان، عدنان توقفیق عباس لە دەزگای عالم المعرفة کویت ل ٦٥-٦٦ و ٢١-٢٢ و ل ٧٧.**

ئەو ئاماژەیەی نەجیبە المراني دەربارەی ئەو بەڵگانە کە هۆرامانیش یەکێک بووە لەو شوێنە ناسراوانەی کە یەکەم لانەی مرۆڤایەتی تێدا دروستکراوە، بە گەنجینەیەکی مێژوویی دەمژمێردرێ. بەتایبەتی دەربارەی یەکەم کۆمەڵەیەی رێکخستن و پرۆسەی کارگێری کاروباری رۆژانە خەڵکی لەلایەن رێکخستنەکانی ژیرلاو مەرێ و ئەنجومەنی پەرلەمان، کە ناوی ئالهۆن بووە، هەر ناوچەیەک و هەرێمێشکیش لۆگۆ یان ئالای خۆی بووە.

یەکێک لەو ڕێنماییە گرنگەی ئەو بەڵگانە: هەریەک بەپێی توانا خۆی، هەرکەس بەپێی پیویستی خۆی، نیشانەی ئەوەیە کە لە سەرەتاوە ئەو ناوچیە یەکسانی کۆمەڵایەتی سەدان ساڵ بەر لەوەی شۆڕشی ڕۆشنبیر لە

ئەوروپا  و باسی دادوەری کۆمەڵایەتی بکرێ، پەیڕەوانی ئاینی زەردەشت ئەو کۆڵەکانەیان داناوە، ئیدی ئاینەکانی دی، بۆ نموونە کریستیان(گاور) و ئیسلام کە دواتر هاتووە، وێنەی بۆ سەرخستنی خۆی لێگرتوەتەوە ئەوە شتێکی دییە. لەڕوی هەڵکەوتەی سروشتییشەوە کە هەورامان و ناوچەی نێودواوان(بلاد الرافدین)، خاکێکی بەپیت و دەوڵەمەندی هەبووە، هەژمونی خۆی بەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەی تاک و کۆمەلان هەبووە، کەهێمن و ئاشتیخوازبن، بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی بیابان. بڕوانە ڕۆژنامەی(آبیدر ژمارە ٥٣، بابەتی گەشت و گوزار در کردستان، بەشی ٣ مانگی ١٣٨٧ی ١٩٩٩.

ناوچەی هۆرامان لە سەردەمێک دادوەری بەهۆی ئاینی زەرەدەشتەوە پەیرەو کردوە، کە ئەوروپا هەنووز مرۆڤایەتی تێیدا نیشتەجێ نەبووە. بەڵێ! هەڵکەوتەی ناوچەیی و  بوونی سامانە سروشتیەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن، لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و جۆری بەرگ و خانوبەرەشیان.

## هەندێ واتا لە سەرچاوەکاندا

چاوەڕێی بەشەکانی دی بن..!